# تەوەری هەڵبژاردن

**بەرنامەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانو عێراقو پارێزگاکان پێ بەپێ بەرەو پێشەوە دەڕوات، ڕۆژنامەکەمان دەربارەی پێشوەچوونەکانی پرۆسێسی هەڵبژاردنەکان تەوەرێکی کراوە بۆ ڕاو بۆچوونی جیاوازی روناکبیرو نووسەرانی گەلەکەمان دەکاتەوە.**

**١- ئایارێککەوتنی تەوافقی نێوان حزبە کوردستانیەکان ڕێگرنیە لە بەردەم بە ئازادی کردنی پرۆسەی هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانە؟**

**٢- لە دەرەوەی لیستی حزبە سیاسیەکاندا تا چەند گروپ و کەسایەتیە نیشتمانیەکان دەتوانن بەشداریەکی کارا بکەن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا؟**

**٣-هەروەك دەبینن بە پێی لیستی تەوافقی کورسییەکان بەر لە هەڵبژاردن دابەش کراون، بە تێڕوانینی ئێوە ئەوە تا چەند لە گەڵ پرنسیبەکانی دیموکراسی و ئازادییەکانی فەردی و گشتی دەگونجێ، پاشان لە ئەوەدا چی بکرێت باشە؟.**

د.جەمشید حەیدەری ماموٚستای زانکۆ

ئەگەر " سەربەخۆ" وا لێکبدەینەوە کە ئەندامی هیچ حیزب و ڕێکخراوەیەك نینە لە کوردستان، دیارە ڕێژەی ئەندامانی حیزبەکان و ڕێکخراوە پیشەییەکانی سەر بەو حیزبانەی گۆڕەپانی کوردستان و هەوادارانیان زۆر کەمترە، لەوانەی کە هیچ پەیوەندی حیزبی و ڕێکخراوەییان نیە.بۆ ئەوەش پێویستە ئەو زۆرینەیە بکەینە چەند توێژو دەستەی جیاجیا:

ئەوانەی خوێندەواریان هەیەو ئەوانەی نە خوێندەوارن، ئەوانەی ڕۆژێك لە ڕۆژان لە حیزبێکی کوردستانی یاخود عیراقی بووینەو ئێستاش لە دەرەوەی ئەو حیزبانەن . دەکرێ ئەو زۆرینەیە بکەینە سێ بەش یا سێ گروپ( لە تەمەنی ١٨ ساڵی یەوە تا دەگەنە ٨٠ساڵی ).

**ئەوانەی لەناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستانیش لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ دەژین تا ئەمڕۆ لەژێر سێبەری سیستێمی حیزبایەتی تەسك و تەزکیەی حزبیو هەڕەشەی نان بڕین دان. . . . . ئەگەر ناچار نەکرێن دەنگ نادەنە حزبی دەسەڵاتدار**

گروپی یەکەم: خوێندەوارەکان ئەوانەی دەزانن بنووسن و بخوێنن تا دەگاتە ڕادەی دەرچوانی پەیمانگاو زانکۆکان.

گروپی دووەم : نە خوێندەوارەکان .

گروپی سێ یەم: ئەوانەی ڕابردووی حیزبیان هەبوو( لە ئەندامی شانەیەکی حیزبی تا دەگاتە ئەندامی سەرکردایەتی ).

گروپی یەکەم دەبێتە دوو بەش: ئەوانەی ماموٚستاو فەرمانبەرو کارمەندن لە دەستگاکانی دەوڵەتدا.

ب ـــ ئەوانەی کاری ئازادو کاسپکاران.

لێرەدا " أ " کە ژیان و بژیویان پەیوەستە بە دەستەلاتەوە ـــ دەستەلاتی فەرمانڕەوا لە ولاتدا. لە ولاتێکدا کە ژیانی دیموکراسی بە خۆوە نەبینیوە لە ماوەی چل ساڵدا و هەروەها ئەوانەی لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانیش لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ دەژیی تا ئەمڕۆ لە ژێر سێبەری سیستێمی حیزبایەتی تەسك وتەزکییەی حیزبی و هەڕەشەی نان بڕین دان، ئەگەر دەنگ نەدەنە حیزبی دەستەلاتدار( ڕاستە دوای ڕووخانی ڕژێم لە بەغدا باری خەڵك سووکتر بووەو ئەو هەڕەشەش تا ڕادەیەك نەماوە )، بێگومان ئەگەر ئەوانە ناچار نەکرێن دەنگ نادەنە حیزبی دەستەلاتدار، بەلاٰم ئەگەر ناچار بکرێن، بۆ دابین کردنی ژیانی خۆیان و پاراستنی کارەکانیان دەنگ دەدەنە حیزبی دەسەلاتدار، ئەگەر نا لەوانەیە زۆربەیان لە ماڵی خۆیان دانیشین وهەر بەژداری هەلبژاردن نەکەن، بە واتایەکی تر ـــ أ ـــ دوورە پەرێز دەوەستی و ناچێتە کۆڕی ململانێوتەنیا دەست بە کلاٰوی خۆیان دەگرن.

بەشی دووەمی گروپی یەکەم-ب- ئەوانەش بەرژەوەندیان بەندە لە مامەڵەی ڕۆژانەیان بە دەستەلاٰتەوە. ئەوانەش بێ هەلوێست دەبن وخۆیان دەپارێزن لە هەموو جۆرە ململانیەك کە هەڕەشە لە بەرژەوەندیان بکات.

گروپی دووەم: کە لە کرێکارو جوتیارو دوکاندارو عارەبانچی و وردە فرۆشن، کە بە ڕاستی هەندێکیان سووتەمەنی شۆڕش و خەباتی شاخ بووینە، ئەزموونی تاڵی( مەبەستم ئەوە نیە کە لەم سیانزدە ساڵەدا چ نەکراوەو یاخود لایەنی ئەرینی نیە، بەڵکو بۆ ئەو توێژە زەحمەتکێش و بێ دەرامەتە ) ئەو سیانزدە ساڵەی حکومڕانی کورد نا ئومێدی کردوونە، چونکە قوربانیان داوە، ئەوان چەوساونەتەوە، ئەوان ماڵ وێران وگوند سووتاو ودەربەدەر بووینە، بەلاٰم ئەوان کردویانە خەڵکانێکی تر دەیخۆن.

ئەگەر ئەوانە لە ڕوانگەی هەستی نیشتمانیو چەسانەوەی نەتەوەیی و چینایەتیەوە هاتبوونە کۆڕی خەبات، ئەوە دەبینن و لەبەر چاویانە، چەوسێنەرەمانیان، چ ئەوانەی داردەستی ڕژێمی بەعس بوون وئێستا جل و بەرگیان گۆڕیوەو چ ئەونەی لە تەکیان بوون لە ڕۆژانی سەختدا، ئەمڕۆ بالاٰدەست ودەست ڕۆیشتون ئەوانیش پشت گوێ خراون وبە ژیانی کۆڵە مەرگی و راکە راکە دەژین. بۆشیان روون و ئاشکرایە کە دروشمە بریقەدارەکانی وەك" کوردایەتی " و "نیشتمان" و "مافی گەل"کرانە قوربانی حیزبی و عەشایری و هەرێمگەریو بەرژەوەندی حیزبایەتی تەسك لە سەرووی هەموو بەرژەوەندیەکان بوو و لەسەر پەرۆی ڕەنگاو ڕەنگ ودە مەتر زەوی و کۆپکێك وەك کۆپکی حەمەد ئاغا بە دەیان کەسیان بە کوشت داو لەشکر کێشی ئەم دەوڵەت وئەو دەوڵەتیان هێنایە سەر کوردستان ولە سایەی دەستەلاٰتی خۆماڵیدا، هەلۆکانی جەنگ وکادیرانی پلە چوارو پێنج، جگە لەبەر پرسەکانی پلەیەك، بوونە خاوەن کۆشك و تەلار، ئەوانیش هەر لە کونجی خانووە قوڕەکانیان ولەبەر رووناکی فانۆس وچرای نەوت شەو بەسەر دەبەن، لە کاتێکدا تەلارو کۆشك خانووی بەر پرسن شەوانە شەقام و کۆلانەکان ڕوناك دەکەن ولەبەر ژمارە گلۆپە داگیرساوەکانیان ـــ ئەو توێژەش بە زۆری نایەنە نێو ئەو ململانێیە.

گروپی سێیەم ـــ ئەوانە لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواریان تێدایە، هەر دەستەیەك و کەسایەتیەك لەبەر هۆی جیاواز وازیان لە حیزبایەتی هێناوە، هەندێکیان هەلوێستی سیاسیان گۆڕاوە، هەندێك لە سیاسەتی گشتی و ڕۆژانە تووشی نا ئومێدی بووینە، هەندێکی تر لەبەر پێشێلکردنی دیموکراسی نێو ریزەکانی حیزب و مافی ئەندامان، هەندێك گەیشتوونەتە ئەو باوەڕە کە حیزب لە تاکە کەسێك یاخودچەند کەسێکی گوێڕایەڵی بەر پرسیاری پلە یەکەمی حیزبن . سەودا بە کێشەی گەل دەکرێ و هەموو بڕیارەکان لە دەست ئەو چەندکەسەیە کە لە پشت پەردەو بێ گەڕانەوە بۆ ڕێکخراوەکان ئەنجامی دەدەن و لە بەرنامەی حیزب و بڕیارەکانی کۆنگرەکانی لایان داوەو تاك ڕەوی پیادە دەکرێو ڕەخنە لە نێو ریزەکانی حیزبدا سەرکوت دەکرێ، بەڵکو لە ئەندامێکی ساکارەوە بگرە تادەگاتە ئەندامی سەرکردایەتی بۆی نیە ڕەخنە ئاراستەی بەر پرسی پلە یەکەم و هاوکارە دەست ڕۆیشتووەکان بگرێ، چونکە جێگای بڕوای بەرپرسی پلە یەکەمە یاخود..... یاخود.....

بێگومان ئەو جۆرە ڕەفتارەی سەرکردایەتی، ئەگەر لە کاتی کاری نهێنی( ژێر زەمینی )و شاخدا پاساوی بۆ بدۆزرێتەوە، ئێستا لە ماوەی ئەو سیانزدە ساڵەی ناوچە ئازاد کراوەکان کە حیزبەکان چ ئەوانەی لە دەستەلاٰتدان وچ ئەوانەی لە دەرەوەی دەستەلاٰتدا بە ئاشکرا کار دەکەن هیچ پاساوێك نیە، بە لاٰم بەداخەوە هەمان سیاسەت کاری نهێنی و شاخ پیادە دەکەن. بۆیێ ئەو جۆرە کەسانەی کە لە ڕابردوودا قوربانیان داوە، گیراون، تووشی هەزار چەرمە سەریو ئێستاش لە پەراوێزدان. حیزبەکانیان پێیان دەڵێن ـــ ماندووبووینە..!! ـــ بەلاٰم ئەوانەی خۆیان بە قەناعەتەوە دەزانن کە ئەوان لە ڕەفتارو هەڵس و کوت و سیاسەتی حیزبەکانیان بێزارن، ناتوانن ئەو بەر پرسە مێژووییە قەبوڵ کەن، کە چاك دەزانن کە لە بەرژەوەندی گەل نیەو پێشێلکردنی بنەماکانی پەیڕەو و بەرنامەی حیزب و کێشە چارەنووس سازەکانی کۆمەلاٰنی خەڵکی کوردستانە، بۆیێ خۆیان لە پەراوێزدا دەبینن ودووره پەرێز وەستاون.

بێگومان گروپی سێیەم لەبەر جیاوازی بۆچوونیان، لەبەر ئەوە هاوکاری و هاوئاهەنگی لە نێوانیان دانیە بە تایبەتی بەر لە ڕووخانی ڕژێم و پیادە کردنی سیاسەتی " احتواء" و دەست تێوەردان لە ژیانی حیزبایەتی و لەت لەتکردنی حیزبەکانی ترو پێکهێنانی حیزبی سەر بەم لایەنەو ئەو لایەنەی دەستەلاٰتدارەکان وهەروەها مەسەلەی بێ دەرامەتی، چونکە سەرچاوەی هەموو دەرامەتی کوردستان لە ژێر چەنگی هەردوو حیزبە دەستەلاٰدارەکەیەو حیزبایەتی لە دوای ڕاپەرین بە داخەوە شێوەی فەرمانبەری وەرگرتووە و ئیمتیازات و دوور لە هەلوێستی سیاسی و بۆچوون و فیکر،



بەڵکو دەم چەورکردنی ئەم و ئەو و نەبوونی زەمینەکی گونجاو بۆ ئەو کەسانەی ڕابردووی حیزبیان( مەبەستم لەوانەیە کە لە ریزی حیزبە نیشتمانیەکان خەباتیان کردووە، نەك ئەوانەی لە ریزی بەعسی و حیزبە کارتۆنیەکانی ڕژێم ) نەیانتوانیوە لە پلاتفۆرمێکی هاوبەش کۆ ببنەوە، بەلاٰم دوای ڕووخانی ڕژێم و مۆرکردنی " قانوونی ئیدارەی کاتی عێراق" کە لە کەم و کوڕی زۆر بەدەرنیەو سەرکردایەتی سیاسی کورد بێ گەڕانەوە بۆ لای جەماوەر ئیمزای کرد، ئەوەی لەبەر چاو نەگرت کە ئەم قانوونە پەیوەندی بە دوا ڕۆژی گەلەکەمانەوە هەیە، نەدەکرا بەم شێوەیە ئەو دەقانەیان بەسەر دا بڕوا.

بارو دۆخی نوێ، واتە دوای ڕووخانی ڕژێم و ڕاگەیاندنی دەستەلاٰتی کاتی لە عیراقدا، زەمینە ڕەخسا نەك بۆ کەسایەتی سەربەخۆ، بە لٰکو بۆ زۆرینەی خەڵکی کوردستان بە ئەندامانی حیزب و لایەنە سیاسیەکانی گۆڕەپانی کوردستان( لە داهاتوودا ) و لەسەر بەرنامەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی سەربەخۆ یەکبگرن.

هەڵبژاردنی ئەو جارەی پەرلەمان چاوەڕوان دەکرا ئامادە کارێکی باشی بۆ بکرێ و سوود لو ئەزموونی / فیفتی ـــ فیفتی / وەربگیرێ و ڕێگا بدرێ بە ململانەیەکی دیموکراسیانەو پێشبرکێی سیاسی، نەك بە لیستی هاوبەش و / فۆرتی ـــ فۆرتی / بنیاتنراو لەسەر هەمان عەقلیەتی رابردوو ولەگەڵ دەم گرتنی ئەم لایەن و ئەو لایەن بە کورسیەك یا دوو یا سێ....، بێ ئەوەی پرسە خەسوانەش بەو لایەنانە بکرێ.

هەموو ئەو بارودۆخەو هۆیانە بوونە تەگەرە لەبەر دابەزینی یەك لیستی سەربەخۆکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا.

**لە سایەی دەسەڵاتی خۆماڵیدا هەڵۆکانی جەنگو کادیرانی پلە چوارو پێنج جگە لە بەرپرسەکانی پلە یەك بوونە خاوەن کۆشكو تەلار، ئەوانیش هەر لە کونجی خانووە قووڕەکانیانو لەبەر روناکی فانۆسو چرای نەوت شەو بەسەر دەبەن.**

دیار عەزیز شەریف- نوسەر

توێژی لاوان تا چەند لە هەلبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمان لایان لێ کراوەتەوە؟

ئەمەیان پرسیارێکە پێش هەر شت هەردوو هێزە سەرەکییەکەی کوردستان پارتی و یەکێتی دەیخنکێنن و دەیخەنە پەراوێزەوە، چونکە لە ستراتیژی سیاسی چەند ساڵی رابردوو و مومارەسەی دەسەلات لە کوردستاندا ئەوەی حیسابی بۆنەکرا بێت بوونەوەرەکانی دەرەوەی دەسەلاٰتی حیزبی کوردی بووە، بە تایبەتی توێژی گەنج کە بەردەوام خراونەتە پەراوێزەوە ، کوا ژمارەی ئەو گەنجانەی کە لە ئەزموونی رابردووی حکومەتی هەرێم بەژداری دەسەلاتیان کردبێت (بە مەرجێك بە مانای وشە هەڵگری چەمکی گەنج بن و ئەو بە ناو گەنجانە نەبوو بن کە لە سەرەتاوە ئەندامێکی مولتەزیم و ملکەچی ناو پارتی یان یەکێتینەو سێبەرێکن لە سێبەرەکانی باوك )، بە ڕای من چ لە ڕابردوو چ لە ئێستادا ئەو دوو هێزەو ڕەنگەکانی تریش، گەنج وەك بوونەوەرێکی سەربەخۆ قبووڵ ناکەن، هیچ پڕۆژەیەکیان پێ نییە تا ئەویش وەك مافێکی خۆی لە دەستووری دیموکراسیدا لە ساتێك لە ساتە مێژووییەکاندا بەژداری سیاسەتی بەڕێوە بردنی ولاٰتەکەی بکات، بەڵکو ئەوەی پارتی و یەکێتی بە پلەی یەکەم لە گەنج دەخوازن تەنیا بەشداری کردنیەتی لە سندوقەکانی هەڵبژاردن، واتە ئەوان تەنیا مافی دەنگدانێك بە لاوان ڕەوادەبینن کە پێش ئەنجامدانی پرۆسەکە مانا دیموکراسیەکانی بە تاڵ کراوەتەوە. لێرەدا حیزبی کوردی گەنج وەك ژمارە سەیردەکات نەوەکو بونەوەرێکی چالاك کە هەڵگری توانا و ئیرادەو بینینێکی نوێیە، ئەوان بە درێژایی مێژووی سیاسی خۆیان خەریکی بە حیزبی کردنی کۆمەڵگا بوونە، نەوەکو بەمەدەنی کردنی، کە یەکێکە لە هەنگاوە دوورودرێژو بەردەوامە پێویستەکانی دوای پرۆسەی هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەو پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەت، بە پێچەوانەوە چوونە دەرەوەی ئەو ڕێژە گەورەیەی لاوان بۆ دەرەوەی ولاٰت بەتایبەتی بۆ ئەورووپا، یەکێك لەپاڵنەرەکانی مومارەسەکردنی سیاسەتی چەوت و نادروستی چەند ساڵەی پارتی و یەکێتی بووە، کە خۆی لەشەڕی ناوخۆو پاوانکردنی دەسەلاٰت وخۆجیاکردنەوەیەکی مەترسیدار لەخەڵکو هاوولاٰتیانی ئاسایی و دەستبەسەرداگرتنی ئابووری کوردستان و ناوچەگەری و عەشیرەتگەریو زۆر ڕەفتاری سیاسی دیکەی لەم شێوەیە دەبینێتەوە، کە دوا جار دەبێتە هۆی دۆڕاندنی متمانەی سیاسی و لەدەستدانی دوو توێژی زۆر گرنگی کۆمەڵگا، ( ئەوانیش توێژی گەنج و ڕۆشنبیرانن بەمانای وشە ، ئەمەش ئەزموونی تاڵی هەموو ولاٰتانی نادیموکراسی ناوچەکەن، هەر لەم ساڵەدا لە ولاٰتێکی وەك(تونس) ی عەرەبی ڕێژەیەکی زۆری لاوان بەشداری پڕۆسەی هەڵبژاردنیان نەکرد ، چونکە وەکو ئێرە دەیانزانی ئەنجامەکەی چی دەبێت، ئەوەبوو لە دواییدا بە ڕێژەی ٩٥٪سەرۆك کۆماری جاران دەرچووەوە! ئەوەیە گاڵتەکردن بە چەمکی دیموکراسی، لە بەر ئەوە لە کوردستانە زامدارەکەی خۆشمان ئەگەرێکی زۆر لە ئارادایە ئەمجارەیان ڕێژەیەکی زۆری گەنجان بەشداری پرۆسەی دەنگدان نەکەن و لەماڵەکانی خۆیان خۆیان بخۆنەوە! من ناو لەم حاڵەتە کۆمەلاٰیەتیو سیاسیە نادروستە دەنێم (نەوەیەکی توورە لە هەڵبژاردن ) کاتێك دەڵێم (نادروست) بەڵێ منیش بە نائاساییی و نا دروستی دەزانم، بەلام لە ئەساسدا کێ ئەم حاڵەتەی بەرهەمهێناوە؟بەر پرسیارێتی مێژووی دەکەوێتە ئەستۆی چ هێزو لایەن و کەسایەتی و سەرکردەیەکی سیاسی.

گەنج هەتا ڕۆژی دەنگدان لە هەموو ماناو ڕێوڕەسمەکانی پڕۆسەی هەڵبژاردن بێئاگایە ، ئەوەی حیزبی کوردی لە گەنجی دەوێت چوونیەتی بە بێدەنگی بۆ سوندوقەکانی دەنگدان و هیچی تر ! ئەوەی تەمەنی لە هەژدەساڵ گەورەتر بێت مافی دەنگدانی هەیە ) کەواتە هەموو خەیاڵی گەنج لەسەر هەڵبژاردن وەك پڕۆسەیەکی دیموکراسی ئەوە دەبێت کە لە ساڵی لەدایکبوونەکەی خۆی بپێچێتەوە، هەروەها ڕۆژی هەڵبژاردنیش بچێتە ناوەندێك لە ناوەندەکانی دەنگدان، دواتریش بۆی نەبێت پرسیار ئاراستەی ئەو حیزبە بە ڕێزە بکات بۆ لە بنەماکانی دیموکراسیەت پاشگەزبوویتەوە، بەڵێ نابێت لە بەرامبەر پیرۆزی دەسەلاٰتی سیاسی نوزەی لێوە بێت! لە دوای هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٢ زۆر جاران ڕەخنەو گلەیو پرسیارەکانی هاوولاٰتیان لە حکومەت بەوە وەلاٰمدەدرایەوە( کێ پێی وتی دەنگ بە ئێمە بدە )، ئەمە چی دەگەیەنێت، جگە لەهەلوەرگرتن لەپرۆسەیەکی دیموکراسی نەبێت بۆ گرتنە دەسەلاٰت بۆ هەتا هەتایە، ئاشکراشە هەر خۆی ئەنجامنەدانەوەی هەڵبژاردن دوای چوار ساڵ هەموو ماناکانی دیموکراسیبوونی دەسەلاٰتی بە تاڵ کردەوەو پەرلەمانی کوردستانی ئیفلیج کرد ؟!

گەنج بوونەوەرێکە خەون دەبینێت، ئەو بەدوای ئەو مەنزڵگایە دەگەڕێت کە خەونەکانی ئەوی تێدا بێت، بەداخەوە مەنزڵگاکەی پارتی و یەکێتی جێی خەونێکی بچووکی گەنجیشی تێدا نەبووەوە، بە پێەوانەوەحەسارێك بوون گەنجێك تیایدابۆ حەزو هەوەسەکانی باوك دەژیان، ڕۆژێکیان شەڕە پەڕۆ ئەویتریان بەکوشتدانی لەشەڕی ناوخۆو جارێکی تریان برسیکردن و دەرپەڕاندنی لە ولاٰت، هەروەها ناونانی بە ئاژاوەچی و نانیشتمانی، بەحیزبیکردنی هەزاران گەنج لە ژێرناوی ڕێکخراوە پیشەییەکان و وەرگرتنی کەسانێك لە خوێندنی بالاٰ و دامەزراندنی کەسانێکی تر لەشوێنە ئیدارییە بەرزەکان( ئەوانەی کەبوونە شوێن کەوتووی هەموو فەرمایشت وبڕیارە ئایدیۆلۆژییەکانی حزب ). بە کورتی ئەو گەنجەی لە هەڵبژاردنی١٩٩٢دا خەمی لەوە دەخوارد کە تەمەنی لە خوارهەژدە ساڵییەو ناتوانێ دەنگ بدات، ئەوا ئەمڕۆ لەم خۆزگەیە پاشگەزبووەتەوە، چونکە بەهیچ یەکێك لەو مژدەو بەڵێنانە شادنەبوو کە حیزبەکان لەپێش هەڵبژاردن پێیان دا. جگە لەمەش دروستکردنی لیستی هاوبەش ماناو بەهای پڕۆسەی هەڵبژاردن بە تاڵ دەکاتەوە،

ڕاستە مەترسی بەرامبەر کیانی کوردی لەم هەرێمە لە ئارادایە، کەخۆی لە شۆڤێنیەتی عەرەبیو ئیسلامیەکان و بەرەی تورکمانی بەر جەستە دەکات، بەلاٰم ئایە لە ڕابردوودا ئەو مەترسیە لە ئارادا نەبوو؟ هەر خۆی مانەوەی دەوڵەتێکی تیرۆریستی وەك بەعس گەورەترین هەڕەشەو مەترسیبوو لەسەر وجودی سیاسیو کۆمەلاٰیەتی کورد ؟ئەگەر لەحزووری گەنج دەپرسی لە ئەزموونی دیموکراسی ئەمجارەی باشووری کوردستان ئەوا بە دڵنیاییەوە بوونەوەرێکی نا ئامادە دەبێت لە ڕووە سیاسیەکەیدا، چونکە دیسان دەکەوێتە دەرەوەی دەسەلاٰت و بڕیارەکانی، بە هەمان شێوە ئەم یارییە دابەشکردنەوەی دەسەلاٰتە لە نێوان خۆیاندا، لە پێشدا هەموو شتێك بڕاوەتەوە، هەر حیزبەی کورسیەکانی خۆی کەبۆی دانراوە بەسەر بەشێك لەئەندامانی خۆیدا دابەشی دەکات، دوای ئەم ڕێوڕەسمەی ڕەوایەتیپێدان ئیدی دیسان گەنج دەبێت بۆ دامەزراندنی لەفەرمانگەیەك هانابباتەوە بەرتەزکیەی حیزبی یانیش بۆ خۆی لە شەقامەکاندا بسوڕێتەوەو کاری دەستی بکات!

**ئەگەرێکی زۆر لە ئارادایە ئەم جارەیان ڕێژەیەکی زۆری گەنجان بەشداری پرۆسەی دەنگدان نەکەن و لە ماڵەکانی خۆیان خۆیان بخۆنەوە! من ناو لەو حاڵەتە کۆمەڵایەتیو سیاسییە نادروستە دەنێم (نەوەیەکی تووڕە لە هەڵبژاردن)**